# هەڵوێستەکانی مەرجەعیەتی سیستانی لە پێکهاتەکانی کورد و سوننە (٢٠٠٣_ ٢٠١٨)

د. یاسین طه محمد

https://doi.org/10.17656/jlps.10336

مامۆستا لە ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی _ زانکۆی سلێمانی
yaseen.taha@univsul.edu.iq

بوختة

مەرجەعیەتی شیعە دەسەڵاتێکی ئایینی نافەرمیی خاوەن پێگەی فراوانە لە عێراق. ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بەشداری پرۆسەی سیاسی ناکات، بەڵام لە هەموو قەیران و ناکۆکی و پیشهاتێکی جومگەییدا پەنای بۆ دەبرێت و ئامادەیە. لەم توێژینەوەیەدا؛ مەرجەعیەت، پاشخانی مێژویی و ڕۆڵی سیاسی مەرجەعی باڵای شیعە عەلی سیستانی، هەڵوێستەکانی ناوبراو لە هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە لە ماوەی ١٥ ساڵدا (٢٠٠٣_ ٢٠١٨) تەوەری باسن. ئەم بازنە مێژوییەش کۆمەڵێك وێستگەی یەکلاکەرەوە لە خۆدەگرێت لەوانەش: پێکهێنانەوەی عێراق، تێپەڕاندنی دەستوور، شەڕی تایفی، ناکۆکییەکانی بەغدا و هەولێر و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

توێژینەوەکە لێکەوتەی بۆچوون و فەتواکانی سیستانی لەبارەی کورد و سوننە، هەروەها لەسەر پێکەوەژیان و پەیوەندییە پێکهاتەییەکانی عێراق دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئاماژەکردن بە میانە و چوارچێوەی مێژویی ڕاگەیاندنیان.

میتۆدی توێژینەوەکە بە پلەی سەرەکی "وەسفی _ شیکاری"یە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی مێژویی هەڵوێستەکان، لەمەشدا سوود لە "میتۆدی مێژوویی" وەرگیراوە.

**وشە کلیلەکان: مەرجەعیەت، سیستانی، کورد، سوننە، پێکەوەژیان.**

## مواقف السيستاني من المجتمعات الكردية والسنية (٢٠٠٣-٢٠١٨)

د. ياسين طه محمد

محاضر في مركز كردستان للتوثيق والبحث الأكاديمي - جامعة السليمانية

**الخلاصة**

تُمثِّل المرجعية الشيعية سلطةً دينيةً غير رسميةٍ ذات نفوذٍ واسعٍ في العراق. وعلى الرغم من عدم مشاركتها المباشرة في العملية السياسية أو الحكم، إلا أنها تُعتبر ملاذًا يُلجأ إليه في جميع الأزمات والصراعات المفصلية التي يشهدها البلد. في هذا البحث، بالإضافة إلى استعراض مفهوم المرجعية و خلفية المرجع الأعلى للشيعة علي السيستاني، يتم تحليل مواقفه، تجاه المكونين الكوردي والسني خلال الفترة من عام ٢٠٠٣ إلى عام ٢٠١٨. وتشمل هذه الحقبة التاريخية عددًا من المحطات الحاسمة، مثل إعادة تشكيل الدولة العراقية، وإقرار الدستور، والحرب الطائفية، والخلافات المستمرة بين بغداد وأربيل، بالإضافة إلى استفتاء استقلال إقليم كردستان.

كما تتناول الدراسة الآثار المترتبة على آراء وفتاوى المرجعية وانعكاساتها على التعايش والعلاقات بين المكونات العراقية المختلفة، وذلك من خلال تحليل الإطار التاريخي الذي صدرت فيه هذه المواقف.

يعتمد منهج البحث بشكل أساسي على الأسلوب الوصفي التحليلي، مع مراعاة التسلسل الزمني للأحداث والمواقف (المنهج التاريخي)، مما يُسهم في تقديم رؤية شاملة ومتكاملة لموضوع البحث

**الكلمات المفتاحية: المرجعية، السيستاني، الكورد، السنة، التعايش.**

**Sistani's positions on Kurdish and Sunni communities (2003_ 2018)**

**Dr. Yasin Taha Mohammed**
**Lecturer at Kurdistan Center for Documentation and Academic Research - Sulaimani University**

**Abstract**

The Shiite religious authority represents an unofficial religious power with extensive influence in Iraq. Despite its lack of direct involvement in the political process or governance, it is regarded as a refuge to which people turn during all critical crises and pivotal conflicts experienced by the country. In this research, in addition to reviewing the background of the supreme Shiite authority, Ali al-Sistani, his positions toward the Kurdish and Sunni communities during the period from 2003 to 2018 are analyzed. This historical era includes a number of decisive milestones, such as the restructuring of the Iraqi state, the ratification of the constitution, the sectarian war, ongoing disputes between Baghdad and Erbil, and the Kurdistan Region independence referendum.

The study also addresses the implications of the authority’s opinions and fatwas, and their impact on coexistence and relations among the various Iraqi components, by analyzing the historical context in which these positions emerged.

The research methodology is primarily based on the descriptive-analytical approach, while taking into account the chronological sequence of events and positions (the historical method), which contributes to presenting a comprehensive and integrated perspective on the research topic.

**Keywords: Religious authority, Sistani, Kurds, Sunnis, coexistence**

## پێشەکی

مەرجەعیەت باڵاترین دەسەڵاتی ئاینییە لە نێو شیعە، مافی شرۆڤەکردنی دەقی شەرعی و ئاراستەکردنی پەیڕەوان و شوێنکەوتەکانی هەیە لەوانەش هێزە سیاسیە حوکمڕانە شیعەکان. ئەم توێژینەیە هەوڵدەدات لە قۆناغی پاش بەعسدا، هەڵوێستەکانی مەرجەعی باڵای شیعە "ئایەتوڵڵا سیستانی" لە بارەی کورد و سوننە و لێکەوتەکانی بخاتەڕوو.

**گرنگی بابەت و پرسیاری توێژینەوە:**

بە پێی گەڕانەکان تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی هەڵوێستەکانی سیستانی دەربارەی پرسەکانی پەیوەست بە کورد بەردەست نیە، جگە لەوەش هەڵوێست و فەتواکانی سیستانی کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی شوێنکەوتووان و ڕەوشی سیاسی عێراق زۆرە و لە وێستگە جومگەییەکاندا پەنایان بۆ دەبرێت. ئەم توێژینەوەیە سۆراغی کاریگەریی ئەم هەڵوێستانە لەسەر ئاشتەوایی و ئۆقرەیی و پێکەوەژیان دەکات، لەم ڕێگایەشەوە بەدوای وەڵامی پرسیاری ڕادەی کارلێککردنی ئایین و سیاسەت لە عێراقی نوێدا دەگەڕێت، هەروەها هەوڵدەدات بزانێت هەڵوێستی مەرجەعیەتی شیعی لە دوو پێکهاتەی سەرەکی عێراق (کورد و سوننە) چییە؟

**بازنەی مێژویی توێژینەوە:**

بازنەی کاری توێژینەوەکە ساڵانی نێوان ٢٠٠٣ _ ٢٠١٨ دەگرێتەوە، یەکەمیان (٢٠٠٣) سەرەتای وێستگەیەکی نوێیە لە عیراق کە کەوتنی ڕژێمی بەعس و دەرکەوتنی ڕۆڵی سیاسی سیستانی لە خۆدەگرێت بە شێوەیەکی بێ پێشینە و وەك دەزگایەکی باڵای سەروو دەوڵەت. دووەمیشان (٢٠١٨) کۆتایی جەنگی داعش و گرژییە توندەکانی پەیوەست بە "ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان" و لێکەوتە ڕاستەوخۆکانی بوون.

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی "**وەسفی _ شیکاری**"یە، کە گێڕانەوەی وەکخۆی و شرۆڤەکردنە، لە چوارچێوەی گشتیشدا، هەروەها "میتۆدی مێژویی" بەکاردەهێنێت کە ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی ڕووداوەکان و هەڵوێستەکانە لە ڕووی کات و بەروارەوە. بۆ سۆراغکردنی هەڵویستەکانیش، جگە لە ماڵپەڕی فەرمی مەرجەعیەت و بڵاوکراوەکانی بریکار و دامەزراوە ئاینییەکانی؛ پشت بە ماڵپەڕ و ئاژانسە میدیاییە متمانەپێکراوەکان بەستراوە.

**نێوەڕۆکی تەوەرەکان:**

نێوەڕۆکی توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێکدێت، یەکەمیان تایبەتە بە پاشخانی مێژوویی و پێگەیشتن و هەڵکشانی پێگەی مەرجەعی باڵای نەجەف "عەلی سیستانی" لەسەر شانۆی سیاسی. تەوەری دووەمیش بەپێی ڕیزبەندی مێژویی گرنگترین ئەو هەڵوێست و دەقانە دەخاتەڕوو کە لە مەرجەعی باڵای شیعەوە باڵاوە دەربارەی پرسەکانی کورد ڕاگەیەنراون. لە تەوەری سێیەمیشدا هەڵوێستی سیستانی لە پێکهاتەی سوننە و پرسەکانیان خراوەتەڕوو، لەگەڵ باکگراوەند و هەلومەرجی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و لێکەوتەیان لەسەر ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لە عێراقدا.

## تەوەری یەکەم: چەمکی مەرجەعیەت و مەرجەعیەتی سیستانی

**چەمکی مەرجەعیەت لە نێو شیعەدا**:لە دنیای شیعەدا مەرجەعیەت گوزارشت لە دەسەڵاتی ئایینی دەکات و مێژووەکەی بۆ پتر لە هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە (الصغیر، ٢٠١٦: ٨). ئەم دامەزراوەیەش زیاتر گریمانەییە و بە کردەیی شەرعزانێکی زیندوو هەڵسوڕێنەرییەتی کە ئاراستەکەری پەیڕەوکەرانی ئایینزای شیعەی ١٢ ئیمامییە. مەرجەع ماف و تایبەتمەندیی شرۆڤەکردنی دەقەکانی شەریعەتی هەیە، هاوکاتی ئەمەش سەرپەرشتیاری کۆکردنەوەی باجە ئاینییەکانە کە پێی دەگوترێت "مافە شەرعییەکان"، سەرپەرشتیاری حەوزەی ئایینیە، هەروەها کۆمەڵگای شیعی لەڕووی مەعنەوییەوە ئاراستە دەکات و پەرستشەکانیان ڕێکدەخات (الصبح، ٢٠١٣: ١٦؛ خلجي، ٢٠٠٧: ٣٩). مەرجەعیش ئەو موجتەهیدانەی شیعەن کە هەلومەرج و زۆری ژمارەی شوێنکەوتەو تۆڕی پەیوەندییەکانیان دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنن کە فەتوا بدەن بدەن و زەکات و پابەندییە داراییە مەزهەبییەکان وەرگرن (١/ ٥ ی داهات: الخمس)، ئەمەش بۆ هەموو شەرعزانێکی نێو حەوزە نارەخسێت (المؤمن، ٢٠٢٤: ٩_١٠؛ ١٥_١٦). مەرجەعەکان بە ژمارە زۆرن وەك ئێستای عێراق و ئێران، بەڵام لە ئەزموون و نموونە نەجەفییەکەیدا چەند مەرجەعێکی ڕیزی یەکەم ڕۆڵی سیاسییان هەیە، ئەوانی دیکە سەرقاڵی بابەتەکانی شەرعزانیین (جیاد، ٢٠٢٣: ١٦_١٧) یەکێك لەوانەش کە پێگە و شوێنکەوتەی لەوانی دی زیاترە دەبێتە مەرجەعی باڵا کە دواترینیان ئایەتوڵڵا سیستانییە (بڕوانە: خلجی، ٢٠٠٧: ٢٠_٣٠).

**مەرجەعی باڵای شیعە عەلی سیستانی** سیستانی کە ناوی تەواوی "عەلی محەمەد باقر"ە، لەدایکبووی دەوروبەری ١٩٣٠ی شاری مەشهەدە، لە خێزان و بەرەبابێکی ناسراوی شیعەیە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری سیستانی ئێرانن، بەڵام بە ڕەچەڵەك خۆیان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) (موقع السیستاني، د.ت). ناوبراو لە شاری قوم خوێندوویەتی و مۆڵەتی شەرعیی بەدەستهێناوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٥١ هاتووەتە نەجەف و مۆڵەتی "ئیجتیهادی ڕەها"ی لە هەردوو مەرجەعی ناسراو؛ "ئەبو قاسمی خوئی" و "حەسەن حیللی" پێدراوە (موقع السیستاني، د.ت). لە ١٩٦٠ دا گەڕاوەتەوە بۆ مەشهەد لە ئێران، بەڵام پاش ساڵێك جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ نەجەف و دەگوترێت لەسەر داوای "خوئی" مامۆستای بووە، بۆ ئەوەی بۆ جێگرتنەوەی خۆی ئامادەی بکات و دواتر لەلایەنی "خوئی" یەوە کراوە بە پێشنوێژی مزگەوتی "الخضراء" لە نەجەف (١٩٨٧_١٩٩٣)، لەوێشەوە وردە وردە ناسراوە و ناوبانگی پەیداکردووە (خلجي، ٢٠٠٦: ٦١).

دەرکەوتنی سیستانی وەك مەرجەعێکی ناسراو، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پاش مردنی "خوئی" مامۆستای کە پێشتر مەرجەعی باڵا و ڕێبەری ئایینی شیعەی جیهان بووە (١٩٩٢). هەروها لە پاش مردنی "ئایەتوڵڵا سەبزەواری" لە نەجەف (١٩٩٣) کە وەك جێگرەوەی "خوئی" کاریکردووە، ئیتر سیستانی وەك میراتگر دەرکەوتووە. بە دوای ئەوەشدا مەرجەعە ناسراوەکانی قوم وەك " گوڵپایگانی" و "ئەراکی" مردوون ( ١٩٩٣ و ١٩٩٤)، ئەمەش وردە وردە ڕێگەی بۆ سیستانی خۆشکردوە کە ببێتە دەرکەوتووی قۆناغەکە (بڕوانە: آل ربح، ٢٠٢١). لە ساڵانی دواتریشدا مەرجەع و ئایەتوڵڵا دیارەکانی دیکەی نێو حەوزەی نەجەف تیرۆرکراون لەوانەش؛ "مورتەزا بروجەردی" (١٩٩٨)، "عەلی غرەوی" (١٩٩٨)، "محەمەد سەدر" (١٩٩٩)، ئەمەش وایکردووە "سیستانی" وەك مەرجەعێکی باڵای بێ ڕکابەر لە نەجەفدا ببێتە جێگەی پرس و هەروەها سەرکردایەتی ئایینی لە پایتەختی ئایینی شیعەدا بگرێتە دەست (بڕوانە: الصیاد، ٢٠٢٤).

بەپێی گێرانەوەی نزیکەکانی، سیستانی لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بۆ ماوەیەك لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە دەستگیرکراوە و بەجۆرێك لە جۆرەکانیش ئەشکەنجەدراوە (الوافي، ٢٠٢٤). هەروەها لەم قۆناغەدا بۆ ماوەی ١١ ساڵ لە ماڵەکەی خۆیدا لەژێر چاودێریدا بووە، بەهۆی ئەم گوشارانەشەوە حەوزەی نەجەف چووتە دۆخی متبوون و خۆپارێزی (خلجي، ٢٠٠٦: ٤٧)، لەم ماوەیەدا سیستانی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هێزە سیاسییە شیعە ئۆپۆزسیۆنەکانی سەدامدا نەبووە، چونکە بە قسەی نووسینگەکەی "سەرکوتکردنی بەعس" ڕێگربووە (الخفاف، ٢٠١٥: ١٩٢)، بەڵام سەرباری ئەوەش چالاکییە ئایینییەکانی بە تەواوی ڕانەوەستان و لە بری خۆی؛ "جەواد شەهرستانی" کە زاوا و بریکاریەتی، لە شاری قوم نووسینگە ئاینییەکەی بەڕێوەبردووە، موچەی فەقێی حەوزەکەی داوە، لە بری ئەو جموجوڵی کردووە و وەك بریکاری مەرجەعیەتی سیستانی نەیهێشتووە ناوەکەی لە نێو جەماوەری شیعەدا بزر ببێت (جیاد، ٢٠٢٣: ٢٦).

## دەرکەوتنی ڕۆڵی سیاسی مەرجەعیەتی سیستانی

سیستانی بڕوای بە تێزی "ویلایەتی فەقیهی ڕەها" نییە کە نموونە ئێرانییەکەی مەرجەعیەتە و لەسەر دەستی "ئایەتوڵڵا خومەینی" پەرەپێدراوە و شەرعزان دەکاتە بڕیاردەری سیاسی (١٩٧٩)، جەختیش لەوە دەکاتەوە نایەوێت مەرجەعیەت بچێتە نێو پرۆسەی سیاسی و لەگەڵ دوورکەوتنەوەی پیاوانی ئایینیدایە لە پۆستی حکومی (موقع السيستاني، د.ت)، بەڵام لە پاش ڕووخانی بەعس (٢٠٠٣) سیستانی بوو بە ڕێبەری هەرە دیاری شیعەی عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، لەمە بەدواش بەهۆی پێگە و کاریگەریی زۆرییەوە پەنابردن بۆ سیستانی لە قەیران و ئاڵۆزییە سیاسییەکاندا بوو بە شتێکی باو(حسن، ٢٠١٩)، بەتایبەت کە نازناوەکەی "مەرجەعی باڵا" بوو (بڕوانە: موقع السيستاني2017)، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی زۆری ئەو باجە ئاینییانەی لە پەیڕەوکەرانییەوە پێی دەگات، سیستانی دەوڵەمەندترین مەرجەعە (خلجي، ٢٠٠٧: ٦٥، ٩٠). لەسەر ئاستی دەرەوەش وەك نوێنەری باڵای کۆمەڵگای شیعی جێگەی بایەخپێدانە (خلجي، ٢٠٠٦: ٤٦)، ئەمانەش دەسەڵاتیان پێبەخشی هەندێك لە پرسە هەستیارەکان یەکلایی بکاتەوە (حسن، ٢٠١٩).

نووسینگەی سیستانی، باس لەوە دەکەن، "مەرجەعی باڵا" تەنیا لەو پرسە چارەنوسسازانەدا هاتووەتە سەر هێڵ کە مامەڵە لەگەڵداکردن و چارەسەرکردنی گشتگیرانەیان بۆ هێزە سیاسییەکان قورس بووە (موقع السيستاني، 2019). بەشێکی زۆری بەشدارییە سیاسییەکانی سیستانیش لە ڕێگەی وتاری نوێژی هەینی سەحنی حوسێنیی کەربەلاوە بووە کە لە لایەن نووسینگەکەیەوە نووسراون، ئەوی دیکەی لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی کاری مەرجەعی باڵای نەجەفدا دارێژراون (شفقنا، ٢٠١٩). دیارترین نموونەی هەڵوێستە سیاسییەکانی سیستانیش لە بازنەی مێژوویی ئەم توێژینەوەیەدا ئەمانەی خوارەوەن:

لە پاش کەوتنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، پێداگربووە کە سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا، فرەیی سیاسی ڕەچاو بکات، و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەخۆ بگرێت، هەڵبژاردنیشی تێدا بێت (موقع السيستاني2019).

لە قەیرانە ئەمنییەکانی نەجەف و شەڕی خوێناوی سەدرییەکان و حکومەتی ئەیاد عەللاویدا ناوبژیوانی کردووە (٢٠٠٤) (موقع السيستاني، ٢٠١٩).

ئەوەی سەپاندووە کە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی هەڵبژێردراوبن (موقع السيستاني، د.ت).

له یەکەم هەڵبژاردندا (١٠ی یەنایەری ٢٠٠٥)، پشتیوانی لە هاوپەیمانی شیعەکان (الأئتلاف العراقي الموحد_ ١٦٩) کردووه، پاساوەکەشی فەرامۆشنەکردنی پرسیاری خەڵك و پەرتەوازە نەبوونی دەنگەکان بووه (بڕوانە: القبس، ٢٠٠٥؛ وكالة مهر، ٢٠٠٥)، ئەمەش وایکرد ببنە زۆرینە (١٤٠ کورسی لە ٢٧٥ پەرلەمان). (بڕوانە: الجزيرة، ٢٠٢٥).

ڕێگری لە دانانەوەی مالیکی بۆ ویلایەتی سێیەم کردووه لە هاوینی ٢٠١٤. (بڕوانە: صايغ، ٢٠٢٠، ٦٧_٧٠).

فەتوای بەرەنگاربوونەوەی داعشی لە ٢٠١٤دا دەرکردووه (الدفاع الكفائي) (موقع السيستاني، ٢٠١٤).

حکومەتی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کردووه پاش خۆپیشاندانەکان (بڕوانە: واع، ٢٠١٩).

نووسینگەی سیستانی چەند پاساوێکیان بۆ هەڵوێستە سیاسییەکانی مەرجەعی باڵا هێناوەتەوە (٢ی ئابی ٢٠٠٣)، لەوانەش نەبوونی ڕێگری لە بەردەم ئەوەی لە وێستگە گرنگەکانی ژیانی خەڵکدا مەرجەع ڕای خۆی دەربڕێت، یان دەڵێن: بەشدارییە سیاسییەکانی بەپێی پێویستیە (الخفاف،٢٠١٥: ٥٢، ٢٠٠)، ئەمەش بە کردەیی لە کارنامەی سیستانیدا پاڵپشتی هەیە بۆ نموونە لە نێوان ٢٠٠٣_٢٠٠٤ دا سیستانی لە کۆی ٤٠ بەیاننامە و فەتوا ١٤ یانی لەبارەی قۆناغی ڕاگوزەر بوون، بەڵام لە کۆتایی ٢٠٠٤ تا سەرەتای ٢٠٠٦ کەم بوونەتەوە بۆ ١٥ بەیاننامە و فەتوا، لەوانەش تەنیا سیانیان سیاسین (صايغ، ٢٠٢٠: ١٥٢)، لە ساڵانی دواتریشدا وردە وردە بەیاننامە و ڕێنماییە سیاسییەکانی سیستانی کەمتر بوونەتەوە و لە ٢٠١٩ وتارە سیاسییەکانی بەهۆی کۆرۆناوە ڕاگیران (بڕوانە: كلمة، ٢٠٢٢).

## تەوەری دووەم: هەڵوێستەکانی سیستانی لە پێکهاتەی کورد

### هەڵوێستی سیستانی لە سیستمی فیدراڵی

لە دەمی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا (٢٠٠٤)، پرسی فیدراڵی یەکێکبوو لە داواکارییە سەرەکییەکانی نوێنەرانی کورد و ئەمە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ دا کردبووی بە بنەمای پەیوەندی لەگەڵ عێراق (ماڵپەری پەرلەمان، ٢٠٢٤). ئەم پێداگرییەش لەسەر فیدراڵیزم پاش ڕووخانی بەعس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا لە زاری جەلال تاڵەبانی سەرۆکی ئەوکاتی "یەکێتی نیشتمانی" بە ئامادەیی مەسعود بارزانی سەرۆکی "پارتی دیموکرات" و پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمەریکا و هەندێك هێزی عێراقی بە ئاشکرا جەختی لێکرایەوە (٢٠٠٣/٥/١٧) (کوردستانی نوێ، ٢٠٠٣).

لە شوباتی ٢٠٠٤، کە پرسی دەستوور هاتەپێشەوە گۆڤارێکی ئەڵمانی (دەیرشپیگڵ) پرسیاری لە سیستانی کردووه: ڕایان چییە لەسەر داواکاری کوردەکان بۆ چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی؟ لە وەڵامیشدا کە نووسینگەکەی بە دەستخەت بڵاویانکردووەتەوە، جەخت لە چەند شتێك کراوەتەوە لەوانەش:

_ بنەڕەتی فیدرالیزم و جۆرە گونجاوەکەی بۆ عێراق، دەبێت گەلی عێراق لە ڕێگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە لە ئەنجومەنی نووسینەوەی دەستوور، بڕیاری لێبدەن.

_ نوێنەرانی "گەلی کوردی خۆشەویست" لە ئەنجومەنی نووسینەوەی دەستوور لەگەڵ برا عیراقییەکانی دیکەیان دەگەنە چارەسەرێکی نموونەیی کە یەکێتی عێراق و لە هەمان کاتیشدا مافی هەموو ڕەگەز و نەتەوەکان بپارێزێت (موقع السيستاني، د.ت). هەر لەم سەروبەندەشدا سیستانی جارێکی دی جەختی لەوە کردووەتەوە کە مەرجەعیەت پاڵپشتی لە سیستەمێکی حوکمڕانی دەکات کە لەسەر بنەمای شورا و فرەیی و ڕێزگرتنی هەموو هاوڵاتیان دامەزرابێت (الخفاف، ٢٠١٥: ٦٢).

ئەم هەڵویستانەی سیستانی چەند ئاماژەیەکی تێدایە لەوانەش: پاڵپشتیکردن لە فرەیی، ئاماژەکردنی ئەرێنی بۆ گەلی کورد، پشتیوانیکردنی ناڕاستەوخۆی بژاردەی فیدراڵی و سیستمی پەرلەمانی وەك وەك بنەما، بەڵام دیارە نەیوستووە بچێتە وردەکارییەوە بەو پێیەی لەوکاتەدا ئەم تێزە جگە لە سوننەکان لە نێو شیعەکانیشدا نەیاری هەبووە، چونکە "موقتەدا سەدر" کە ڕێبەرایەتی ڕەوتێکی جەماوەریی شیعەی دەکرد، دژی فیدرالیزم بوو بە پاساوی ئەوەی "لەسایەی داگیرکەردا دەبێتە هۆی دابەشکردنی عێراق" (بڕوانە: القدس العربي، ٢٠٠٦)، بەڵام بە پێچەوانەی سەدرییەکانەوە "ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی" لە شیعە پشتیوانییان دەکرد، چونکە ئەوانیش بە نیازی پێکهێنانی هەرێمی باشوور بوون کە لە نۆ پارێزگا پێکدەهات و وەك "شیعەستان" تەماشا دەکرا (crisisgroup,2007)، دواتر ئەوانیش لەمە پەشیمان بوونەوە چونکە لەمپەر و تۆمەتبارکردنی زۆری هاتە پێش و پێیان سەرنەخرا (بڕوانە: العرداوي، ٢٠١٤).

## پرسەنامە بۆ قوربانییەکانی ١ی شوباتی ٢٠٠٤

لە بەرەبەیانی ١ی شوباتی ٢٠٠٤ کە ڕێکەوتی ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، لە ئەنجامی دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە بارەگای لقی دووی "پارتی دیموکراتی کوردستان" و مەڵبەندی نۆی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" لە شاری هەولێر دەوروبەری ١٠٠ کەس گیانیان سپارد و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون (gov.krd,n.d). لە دوو پەیامی سەرەخۆشی جیادا کە ئاراستەی "مەسعود بارزانی" سەرۆکی پارتی و " جەلال تاڵەبانی" سکرتێری گشتی یەکێتی کردووە، سیستانی جگە لە دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی بۆ ڕووداوەکە دەڵێت: "دەیان قوربانی و برینداری لە نێو ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستتدا لێکەوتووەتەوە". (الخفاف، ٢٠١٥: ٢٥٦_٢٥٧). لە توێی پرسەنامەکانی سیستانیشدا نزای خێرکردن و ناوبردنی کورد بە "خۆشەویست" هەیە، لە کاتێکدا هەندێك لە دەقە کولتوورییەکانی نێو سەرچاوەکانی شیعە هانی بایکۆتکردن و دوورکەوتنەوە لە کورد دەدەن (بڕوانە: الكليني، ١٣٦٧هـ: ٥/ ٣٥٢).

## کارلێککردنی سیستانی لەگەڵ ڤیتۆی کورد و سوننە دژی ئیبراهیم جەعفەری

لە ئایاری ٢٠٠٦ دا هاوپەیمانی شیعەکان سەرکردە لە حیزبی دەعوە "ئیبراهیم جەعفەری"یان بۆ سەرۆکایەتی یەکەمین حکومەتی هەمیشەیی دەستوری کاندیدکرد، ئەمەش پاش هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی فراکسیۆنە شیعەکان کە تێیدا "ئیبراهیم جەعفەری" یەك دەنگ پێش "عادل عەبدولمەهدی" سەرکردە لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کەوت (٦٤ بەرامبەر ٦٣) (الجزيرة، ٢٠٠٦)، بەدوای ئەمەشدا "هاوپەیمانی کوردستانی" لە پەرلەمانی عێراق و لیستە سوننەکان و لیستەکەی ئەیاد عەلاوی (العراقية)، ڤیتۆیان بەرامبەر کاندیدکردنی "ئیبراهیم جەعفەری" بەرزکردەوەو و داوایانکرد پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و هەڕەشەیان کرد لە ناو پەرلەمان دەنگی پێنەدەن (بڕوانە: القبس، ٢٠٠٦). ناڕەزایی و پەڵپی لایەنی کوردی لەسەر "ئیبراهیم جەعفەری" پاساوەکەی ئەوەبوو کە لە کابینەی ڕاگوزەردا (٢٠٠٥_٢٠٠٦) ئەزموونیان لەگەڵیدا خراپبووە (بڕوانە: الرأي، ٢٠٠٦)، بەڵام لیستە شیعەکان هەر سوربوون لەسەر دەستگرتن بە کاندیدکردنییەوە (DW, 2006) ئەمەش بوو بەهۆی دروستکردنی قەیرانێکی سیاسی، لەم کاتەشدا شاندێکی کوردی چوونە نەجەف بۆ دیداری سیستانی. شاندەکە داوای پێکهێنانی حکومەتێکی گشتگیر و پێداچوونەوەیان بە کاندیدکردنی جەعفەریدا کرد (کونا، ٢٠٠٦)، دواتر مەرجەعیەتی سیستانی بە لایەنە شیعەکانی ڕاگەیاند: لە سایەی ئەو دۆخەدا و بەپێی پێدراوە سیاسییەکان، دەرفەت بۆ سەرکەوتنی

جەعفەری لە حکومەتدا نییە (الخفاف، ٢٠١٥: ٢٠١)، ئەمەش وایکرد کاندیدکردنی جەعفەری سەرنەگرێت و لە جێگەی ئەو نوری مالیکی ڕاسپێردرا بۆ سەرۆکایەتی وەزیران (بڕوانە: الشرق الأوسط، ٢٠١٤).

### هەڵوێستی سیستانی لە ناوچەکانی جێناکۆك (مادەی ١٤٠)

بەهۆی پێکهێنانی "فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە"، لەلایەن "نوری مالیکی" سەرۆکوەزیرانەوە (٢٠١٢)، گرژی کەوتە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیی بەغدا. گرژییەکە گەیشتە کۆکردنەوەی هێز لە هەردوولا، ئەمەش مەترسی لەسەر هاوپەیمانی کورد و شیعە دروستکرد کە بنەمای پرۆسە سیاسی پاش ٢٠٠٣ بوو. نوری مالیکی بڵاوبوونەوەی هێزە کوردییەکانی لە ناوچەکانی جێناکۆك بە پێشێلکاری دەزانی، جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماریش کە لە پشکی کورد پۆستەکەی وەرگرتبوو، پێکهێنانی ئەو هێزە فیدراڵییەی لەو ناوچانە بە "هەڵگیرسێنەری فیتنە" لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان لەقەڵەمدا، دواتر بە تورەییەوە لە بە غداوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی (١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢) (DW, 2012)، بەدوای ئەمەشدا هەردوولا هێزی زیاتریان ڕەوانەی ناوچەکە کرد و گرژییەکی سیاسی توندی بەدواداهات کە لە دۆخی پێکداداداندەچوو (فرانس ٢٤، ٢٠١٢).

لە بارەی ئەم پێشهاتە سیستانی لە ڕێگای نوێنەرەکەیەوە لە وتاری هەینی عەتەبەی حوسێنی، (عەبدولمەهدی کەربەلایی) جەختی لە پێویستی چارەسەرکردنی گرژی و ناکۆکییەکە بە پەنابردن بۆ دەستوور و گەڕانەوە بۆ دادگای فیدراڵی کردەوە (٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢). هەروەها "ئەجێندای هەرێمایەتی" بە دنەدانی فیتنەی نێوان هەردوولا تۆمەتبارکرد (الحرة، ٢٠١٢)، بەڵام قەیرانەکە هەر درێژەی کێشاو چارەسەر نەبوو، لەمبارەیەشەوە سیستانی لە وتارێکی دیکەی هەینیدا و پاش دوو هەفتە (٧ی کانونی ١ی ٢٠١٢) جەختی لەچەند پرەنسیپێك کردەوە بۆ چارەسەر کە ئەمانەن:

_ پەنابردن بۆ میکانیزمە دەستورییەکان و ڕێککەوتنی پێشووتری نێوان هەردوولا بەمەرجێك دژ بە دەستوور نەبن.

_ دەرکردنی یاسایەك بۆ دیاریکردنی میکانیزمی ناوبژیوانی لە بابەتەکانی جێگە مشتومڕ و بۆ چارەسەری تەفسیری جیاجیای دەستور هەریەك بەپێی بەرژەوەندی خۆی.

_ پەلەکردن لە پەسەندکردنی یاسای دادگای فیدراڵی

_ پارێزگاریکردن لە "پەیوەندی بتەو"ی نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق.

_ ڕێگریکردن لە گەیشتنە خوێنڕشتن و پەنابردن بۆ دیالۆگ و دوورکەوتنەوە لە زمانی زبر (شبكة الكفيل، ٢٠١٢).

لەم ڕێنماییانەشەوە ئەوە دەردەکەوێت سیستانی هەوڵیداوە گرژییە ئەمنییەکەی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەرەو ئاقاری ناکۆکی یاسایی ببات، هەروەها دەستوور و یاسا و ڕێککەوتنە گونجاوەکان لەگەڵ دەستوور بکاتە ناوبژیوانی نێوان هەردوولا، ئەمەش لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی کاری مەرجەعیەتدا تەبایە کە بەرگرییە لە دەستوور و سەروەری دەزگا دەوڵەتییەکانی عێراق و ڕێگەگرتن لە ڕوودانی شەڕی ناوخۆ لە وڵاتدا.

### هەڵوێستی سیستانی لە چالاکییەکانی PKK لە قەندیل

لە ساڵی ٢٠١٣دا پرۆسەیەکی ئاشتی لە تورکیا لە نێوان "پارتی کرێکارانی کوردستان" و دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە ڕاگەیەنرا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە چەکدارانی "PKK" کشانەوە بەرەو شاخەکانی سەرسنوور لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، لای خۆشییەوە ڕێبەری "PKK" "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" لە زیندانی ئیمرالییەوە و لە ڕێگای پەیامێکەوە ئەو کشانەوەی بەرەو عێراق بە

سەرەتای قۆناغێکی نوێ دانا کە "خەباتێکە لە جۆرێکی دی" (بڕوانە: الجزيرة، ٢٠١٣)، بەڵام حکومەتی فیدراڵی عێراق دژی ئەم پێشهاتە هەڵوێستی وەرگرت، بەوپێیەی "پێشێلکاری زەقی سەروەری عێراقە" و "بە بێ پرسی عێراق" کراوە، لەسەر ئەمەش سکاڵای بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بەرزکردەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی فەرمی پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکرد و بە جۆرێك لە جۆرەکانیش نێوانگربوو لە دانوستانەکانی نێوان پەکەکە و ئەنقەرەدا (DW, 2013).

لەم قەیرانەشدا مەرجەعیەتی سیستانی لە ڕێگای وتاری هەفتانەی بریکارەکەیەوە (عەبدولمەهدی کەربەلایی) (١٦ی ئایاری ٢٠١٣) پشتیوانی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە تورکیا ڕاگەیاند و جەختی کردەوە: لە کاتێکدا ئێمە پشتگیری لە گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە دەکەین لە نێوان ئەندامانی پەکەکە و حکومەتی تورکیا بەجۆرێك دەستەبەری ئارامیی نێوان هەردوولا بکات، بەڵام دەبوو حکومەتی تورکیا هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکات و ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکات". وتارەکەی سیستانی گواستنەوەی چەکدارانی پەکەکەی بۆ عێراق بە "پێچەوانەی بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری" لەقەڵەمەدا (العتبة الحسينية، ٢٠١٣)، ئەمەش جگە لە پشتیوانی ئاشتەوایی پەکەکە و تورکیا، پشتیوانیکردن بوو لە دەسەڵاتی فیدراڵی، لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان لە پرۆسەکەدا بەشداربووە و لە ئاست کشانەوەی پەکەکە بێدەنگبوو.

### هەڵوێستی سیستانی لە "ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی" هەرێمی کوردستان

لە ساڵی ٢٠١٧دا بەپێی فەرمانی هەرێمی (١٠٦)، بڕیار لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم (کەرکوك) درا، ڕۆژی ٢٥ی ئەیلولیش بۆ ئەو پرۆسەیە دیاریکرا. ئەم هەنگاوە نارەزایەتییەکی زۆری عێراقی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە. بەر لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، زۆربەی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییە پەیوەندیدارە کان هەڵوێستی دژبەری خۆیان لە پرۆژەکە ڕاگەیاند (بڕوانە: الجزيرة نت، ٢٠١٧)، بەڵام سیستانی ڕای خۆی دواخست بۆ پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە. هەندێك لێکدانەوە باسیان لەوەکرد ئەمە بۆ بەریەکنەکەوتنە لەگەڵ کورد و خۆپارێزییە لە هاتنەسەر هێڵی کێشەی نێوان بەغدا و هەرێم (الشرق الأوسط، ٢٠١٧). چوار ڕۆژ پاش پرۆسەکە ( ٢٩ ی ئەیلولی٢٠١٧)، سیستانی بێدەنگی کۆتایی پێهێنا و بەرهەڵستکاریی خۆی بۆ جیابوونەوەی کورد لە عێراق ڕاگەیاند و ڕیفراندۆمەکەی ڕەتکردەوە. ئەم هەڵوێستەش لە ڕێگای وتاری هەینی سەحنی حوسێنیی کەربەلاو لە سەر زاری "ئەحمەد ئەلسافی" ڕاگەیەنرا ، پوختەی وتارەکەی مەرجەعی باڵای شیعەش جەختی لەم چەند خاڵە کردەوە:

_ ڕیفراندۆمەکە هەوڵی "دابەشکردنی عێراق و دابڕینی باکوورەکەی" یەتی، هەروەها مەترسییەکەی هاوتای "تیرۆری داعشە کە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە".

_ جەختکردنەوە لە پارێزگاریکردن لە یەکێتی عێراق، چ وەك خاك و چ وەك گەل، لەگەڵ وەستانەوە دژی تایفەگەری و ڕەگەزپەرستی و پشتگیریکردن لە یەکسانی نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق.

_ داوای پابەندبوون بە دەق و ڕۆحی دەستووری عێراق و گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی وەك ناوبژیوان.

_ هەنگاوی یەکلایەنە بە ئاراستەی دابەشکردن و جیابوونەوە، هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەمە بکرێتە واقیع و لێکەوتەکانیان دەبنە هۆی پەرچەکرداری ناوخۆیی و دەرەکی خراپ کە بە پلەی یەکەم کاریگەریی لەسەر هاووڵاتیانی کورد درووستدەکات و بگرە دەبێتە هۆی خراپتر لەوەش.

_ جەختکردنەوە لە گرنگی "پارێزگاریکردنی حکومەت و هێزە سیاسییەکانی عێراق لە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی کورد و هێشتنەوەیان وەك خۆیان" (بڕوانە: العتبة العباسية، ٢٠١٧).

ئەم هەڵوێستە گشتگیر و هەمەلایەنی سیستانی لەلایەك لێدان بوو لە پرۆسەی ڕیفراندۆم و یەکسانکردنی بوو لەگەڵ مەترسییەکانی تیرۆر کە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا سێیەکی خاکی عێراقی کۆنترۆڵکرد، لەلایەکی دی جەختکردنەوەبوو لە مافە دەستورییەکانی پێکهاتەی کورد بە تیۆری و لە چوارچێوەی گشتیدا، بەتایبەت کە پاش ڕیفراندۆم هەرێمەکەی کەوتە بەر ڕق و تورەیی و پەرچەکرداری بەغدا و هێزە فیدراڵییە عێراقییەکان.

سەرباری توندی بەشێك لە پەیامەکانی مەرجەعیەتیش لەبارەی ڕیفراندۆمەوە، سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کە ئەوکات لە چوارچێوەی ئەنجومەنێکی سەرۆك حیزبەکاندا کۆدەبوونەوە، لە ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا پێشوازی خۆیان بۆ دەستپێشخەرییەکەی سیستانی ڕاگەیاند، ئامادەیی هەرێمی کوردستانیشیان بۆ "دیالۆگی جدی" لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای دەستپێشخەرییەکەی سیستانی دەربڕی، چونکە پێیانوابوو "لە پاراستنی ئاشتەوایی و ئۆقرەیی کۆمەڵایەتی و ڕەتکردنەوەی توندوتیژییەوە سەرچاوەی گرتووە" (بڕوانە: الشرق الأوسط، ٢٠١٧).

### هەڵوێستی سیستانی لە لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم

سەرکۆنەکردنی ڕیفراندۆم لەلایەن سیستانی و ناوبردنی بە هەوڵی "دابڕینی باکوری عێراق"، دەشێت وەهاش بخوێنرێتەوە، کە یەکێکبوو لەو تیشکە سەوزانەی هاوکات لەگەڵ چاوپۆشیکردنی نێودەوڵەتی و پەرچەکرداری هەرێمایەتی (ئێران و تورکیا)، بوونە بنەما بۆ پەرچەکرداری توندی حکومەتی حەیدەر عەبادی دژی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە تشرینی١/ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا. هەر لەو مانگەدا دەسەڵاتە فیدراڵییەکان کەرکوکیان کۆنترۆڵکردەوە و خستیانەوە ژێردەستی هێزە ئەمنییە فیدراڵییەکانی عێراق، ئەمەش هەندێك گرژی و ئاڵۆزی بەدوادا هات. هەروەها فڕۆکەخانەکانی هەرێم داخران و کۆمەڵێك سزای تری سیاسی و کارگێری و دادوەری دژی هەرێم دەرکران (بڕوانە: الجزيرة نت، ٢٠١٧)، ئەمەش وایکرد جارێکی دیکە سیستانی بێتەوە سەر هێڵ و لە ٢٠ی تشرینی١ی ٢٠١٧ دا لە وتاری هەینی کەربەلادا (عەبدولمەهدی کەربەلایی) جەختی لە چەند بنەمایەك کردەوە کە ئەمانەن:

_ دابینکردنی پارێزبەندی بۆ هاووڵاتیانی کورد لە لایەن حکومەتی فیدراڵ و دڵنیاکردنەوەیان.

_ بانگهێشتکردنی کورد بۆ یەکخستنی ڕیزەکانیان و کارکردن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەژێر چەتری دەستووردا.

_ ستایشکردنی هەوڵی ئەوانەی کاریان بۆ خۆلادان لە پێکدادانی سەربازی کردووە لە کەرکوك و "ناوچەی هاوبەش".

_ بڵاوبوونەوەی هێزە فیدراڵییەکان لە "ناوچەی جێناکۆك" بەمانای سەرکەوتنی لایەك و بەزینی لاکەی دی نییە.

_ هاندانی گفتوگۆ چونکە "قەدەری عێراقییەکان بە عەرەب و کورد و تورکمان ئەوەیە پێکەوە بژین و شانبەشانی یەکتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کاربکەن".

_ دوورکەوتنەوە لە ئاڵا سووتاندن و ئەو ڕەفتارانەی زیان بە ئاشتەوایی گشتی دەگەیەنن و دوورکەوتنەوە لە مامەڵەکردنی تۆڵەئامێز لەگەڵ ڕووداوەکان (بڕوانە: أهل البيت، ٢٠١٧).

لەم هەڵوێستەی دووەمی سیستانیدا وێڕای ستایشکردنی هەنگاوەکانی حەیدەر عەبادی و حکومەتەکەی لە کەرکوك بە ناڕاستەوخۆ، هەوڵی ڕاگرتنی باڵانس و هێورکردنەوەی دۆخەکەشی داوە. هەڵوێستەکە جەختی لە پاراستنی پێکهاتەی کورد کردووەتەوە لە کاتێکدا کە کەوتبووە نێو سزا و تۆڵەی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و ناوچە جێناکۆکەکانی لەدەستچووبوو.

دواتر بە بڕیاری دادگای فیدراڵی (ژ. ١٢٠) کە سیستانی داوایکردبوو بکرێتە ناوبژیوان لە ٢٠ تشرینی ٢ی ٢٠١٧ دا هەوڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و پرۆسەی ڕیفراندۆم سڕکرا و بە "نادەستوری" لە قەڵەمدرا (المحكمة الاتحاديه، ٢٠١٧).

ساڵێك پاش لە ڕیفراندۆم لە ئەیلولی ٢٠١٨دا سیستانی، ناڕاستەوخۆ پەیامێکی ئاراستەی گەلی کورد کردووە کە نێوەڕۆکەکەی هۆشداریدانە لە دەستوەردانی دەرەکی و "پشت بەستن بە بێگانە". لەم پەیامە نافەرمییەدا سیستانی باسی لەوەکردووە "بێگانە خێری کوردیان ناوێت" و جەختی کردووەتەوە "ئەگەر دەسەڵاتداران گرنگییان بە گەنجان و بژێوی و ئاوەدانی بدایە، ئەوە ڕووینەدەدا کە ئێستا ڕوودەدات" (ڕووداو، ٢٠١٨)، ئەمەش ئاماژەبوو بۆ خۆپیشاندانەکانی هەندێك لە شارەکانی کوردستان بۆ داواکردنی خزمەتگوزاری لەو کاتەدا.

ئەم پەیامەی سیستانیش درێژکراوەی هەمان هەڵوێستەکانی دیکەیەتی لەبارەی وێناکردنی ڕۆڵی باوکانە بۆ مەرجەعیەت، هەوڵی جیاکردنەوەی گەلی کورد لە هێزە سیاسییە حوکمڕانەکانی، بەدگومانی و بەدبینی لە پاڵپشتی وڵاتانی بیانی لە کەیسی کورد و هەروەها لەقەڵەمدانی بە پلانگێڕی و هەوڵی تێکدان. ئەمەش ئاراستەیەکی باوی بیرکردنەوەی پیاوانی ئایینی و دنیای عەرەبی و ئیسلامییە بۆ پەیوەندی هەرێم و وڵاتانی ڕۆژئاوا.

### تەوەری سێیەم: هەڵوێستەکانی سیستانی لە پێکهاتەی سوننە

یەکێك لە ئاڵنگارییە گەورەکانی پاش قۆناغی ٢٠٠٣، پەیوەندی نێوان هەردوو پێکهاتەی شیعە و سوننە بوو، بەوپێیەی ناکۆکییەکی قووڵی مێژویی و بەریەککەوتنێکی زۆری عەقیدەیی لە نێوان هەردوولادا هەیە. لە پاش ٢٠٠٣ بە دامەزراوەییکردنی پێکهاتەکانیش سەریهەڵدا و عێراق لە سێکوچکەی "شیعە، سوننە، کورد" دا خۆی بینییەوە (بڕوانە: حسن، ٢٠١٥)، بەدوای ئەوەشدا لە شارە سوننەکاندا بەرگری توندی گۆڕانکاری و بەگژاچوونەوەی هێزە بیانییەکان سەریهەڵدا، هەر لەم ناوچانەش (پشتێنەی بەغدا، ئەنبەوا، کەرکوك، سەلاحەدین، دیالە، ئەنبار) گرووپی سوننەی چەکدار دەستبەکاربوون، گەورەترین و دڕترینیان "ئەلقاعیدە" بوو، هەندێك لەو گرووپانەش شیعەیان دەکردە ئامانج، هەندێکی تریش کەوتنە سکاڵاکردن لە پەراوێزخستن و بە ئامانجگرتنی سوننە و تەماشاکردنیان وەك تاوانبار و پاشماوەی ڕژێمی پێشوو (بڕوانە: صایغ، ٢٠٢٠: ٦٠؛ hrw, 2005)، ئەمەش چەند جارێك عێراقی خستە نێو گرژی و شەڕی تایفی. لەم نێوەندەشدا سیستانی مەرجەعی باڵای شیعە، چەند دەق و فەتوایەکی هەبووە لە چوارچێوەی هەوڵی هێورکردنەوەی گرژییەکان و هەوڵی ئاشتکردنەوەی سوننە لەگەڵ دۆخی ژێر باڵادەستی شیعەدا، ئەمانەش گرنگترینیانن:

### تێڕوانینی سیستانی بۆ پەیوەندی شیعە و سوننە

بەپێی ئاماژە بەردەستەکان هەر لە سەرەتای ٢٠٠٣ دا ئایەتوڵڵا سیستانی، هەوڵیداوە کەشێکی دۆستانە لەگەڵ سوننەکاندا دروستبکات، لە هەندێك جێگاش دەکرانە ئامانجی هێرش و پەلاماردان، لەم میانەیەشدا لە ١٩ی نیسانی ٢٠٠٣ دا کە تەنیا

١٠ رۆژ پاش کەوتنی بەعس دەکات، سیستانی فەتوای دا بۆ ڕەتکردنەوەی دەستگرتن بەسەر مزگەوتەکانی سوننەدا و جەختیکردەوە؛ پێویستە زیادەڕۆییان لەسەر هەڵگیرێت و پاسەوان بۆ مامۆستای مزگەوتەکانیان دابنرێت، ئەوانەشیان لادراون بە ڕێزەوە بگەڕێنرێنەوە بۆ جێگای خۆیان( الخفاف، ٢٠١٥: ٣٢٣)، ئەمەش لە کاتێکدابوو سوننەکان کەوتبوونە بەر ڕق و تۆڵەکاریی گرووپە چەکدارە شیعە تازە باڵادەستەکان.

لە ناوەڕاستی ئابی ٢٠٠٣ شدا سیستانی ڕایگەیاندووە لەگەڵ سوننەکاندا پەیوەندییان ڕووبەڕوویە و بۆچوونەکانیان لەبارەی زۆر لە پرسە سەرەکییەکان هاوتایە، دیالۆگیش باشترین میکانیزمە بۆ چارەسەری هەر ناکۆکییەك کە هەبێت (موقع السیستاني، ٢٠٠٣)، ئەم پەیامەش کە چوار مانگ پاش کەوتنی بەعس ڕاگەیەنراوە، دانپێدانانە بە هەبوونی ناکۆکی و هاندانیشە بۆ دیالۆگی دوو لایەنە. پاش ئەوە لە سەرەتای کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ دا لەبارەی گرژییە تایفییەکانەوە سیستانی ڕایگەیاندووە "ڕووداوە جێگە داخەکانی دوایی" کاریگەری لەسەر "پەیوەندی برایانەی شیعەو سوننەی عێراق دروستناکەن" (موقع السیستانی، ٢٠٠٤)، بەڵام هیچ لەم بانگەوازانە جێگەیان نەگرت، چونکە بەپێی هەندێك ئامار لەو ساڵە (٢٠٠٤) دا بەهۆی ٣٢٣ تەقینەوە و کاری توندوتیژی، ٢١٧١ کوژراو هەبوون، ئەمەش بەراورد بە ٢٠٠٣ کە ٣٩١ کوژراوی بەخۆیەوە دیبوو، هەڵکشان بوو (iraqicenter-fdec, 2004).

بەپێی ڕاپۆرتە متمانەپێکراوەکان هێرش و توندوتیژییەکەی ئەو دەمە بە پلەی یەکەم شیعەکانی کردووەتە ئامانج کە دەوروبەری ٦٠%ی عێراقیان پێکدەهێنا، توندوتیژییەکەش زیاتریش ئاراستەی پێگە و مەزارە ئایینییەکانی شیعە و گەڕەك و ناوچەکانی شیعەنشین دەکرا، پاساوەکەش تۆڵەکردنەوەبوو لە پێشوازیکردنی شیعەکان لە "داگیرکاری عێراق و هاوکاریکردنی داگیرکەران". جگە لەوەش ڕێکخراوی ئەلقاعیدە شیعەکانی بە هەڵگەڕاوە لە ئیسلام دەدایە قەڵەم و بنەبڕکردنیانی کردبووە ئامانج ( hrw, 2005). هەر لەم میانەیەشدا و لە شوباتی ٢٠٠٥ دا سەرکردەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق "ئەبو مسعەب زەرقاوی" لە نامەیەکدا بۆ "بن لادن" جەختی لە گرنگی شەڕی شیعە کردبوویەوە بەوپێیەی "یارمەتیدەری داگیرکەر و لە ڕیزی خاچییەکاندان دژی موجاهیدەکان". زەرقاوی دوو ئامانجی لە پێشینەی دیاریکردووە: کۆتاییهێنان بە داگیرکەر، لەنێوبردنی شیعە. جەختی لەوەش کردووەتەوە کە شیعەکان "لەگەڵ ئیسلام بەیەك ناگەنەوە" بەهۆی "بیدعە و هاوبەشخوازییان بۆ خودا و گۆڕپەرستی و تەوافکردنیان بە دەوری مەزارەکان". (صایغ، ٢٠٢٠: ٦٠).

### هەرامکردنی خوێنرشتنی سوننە لە پاش تەقینەوەکەی سامەڕا

لە ٢٢ شوباتی ٢٠٠٦ و لە دەمی حکومەتی ڕاگوزەری "ئیبراهیم جەعفەریدا"، قوببەی زێڕینی مەزاری هەردوو ئیمامی دەیەم و یازدەیەمی شیعە "الهادی" و "العسکري" کوڕی لە شاری سامەڕای سەر بە پارێزگای سەلاحەدین تەقێنرانەوە و زیانی گەورەیان پێکەوت. زۆر لە ڕێبەرە شیعە و سوننەکانی عێراق یەکدەنگبوون کە ئامانج لەو کارە تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی فیتنەی تایفییە، چونکە لە لایەك مەزارەکان لە جوگرافیایەکی سوننیدا بوون (سامەڕا)، لە لاکەی دیکە ئەلقاعیدە و تەکفیرییەکان تاوانبارکران بە ئەنجامدانی تەقینەوەکە کە سوننەن (بڕوانە: الجزیرة نت، ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧)، لە پەرچەکرداریشدا شەپۆلێکی کوشتن و پەلاماردانی شیعی کۆمەڵگا سوننەکانی گرتەوە، لەم میانەیەشدا مزگەوتە سوننەکانی ناوچە تێکەڵەکان سووتێنران و دەیان تەرم گەیشتنە پزیشکی داد (بڕوانە: العربیة نت، ٢٠٠٦). لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەشدا سیستانی ئەم هەڵوێستانەی وەرگرتووە:

_ ڕاگەیاندنی حەوت ڕۆژ ماتەمینی و داواکردن لە باوەڕدارەکانی شیعە کە بە شێوازی ئاشتی نارەزایی دەربڕن و ئیدانەی ئەو پێشێلکارییە بکەن، هۆشداری ئەوەشی دا کاردانەوەکانیان نەبێتەهۆی خزان بۆ "ئەوەی دوژمنان دەیانەوێت لە هەڵایسانی فیتنەی تایفی" (موقع السيستاني، ٢٠٠٦). ئاژانسی "دوێچە فیلەی ئەڵمانی" (٢٠٠٦) لەبارەی ئەم بانگەوازە لەو کاتەدا نووسیویەتی: جارێکی دیی مەرجەعیەتی شیعی سەلماندی کە فاکتەری ئۆقرەییە لەم جۆرە دۆخانەدا.

_ سیستانی لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دا جەختی لەوە کردووەتەوە ئەو گرژییە تایفییەی ڕوودەدات کێشمەکێشی ئایینی نێوان شیعە و سوننە نییە، بەڵکە دەرهاویشتەی قەیرانی سیاسییە، ئەوانەشی توندوتیژی تایفی دەکەن ئامانجیان دەستکەوتی سیاسی و دروستکردنی دۆخێکی نوێیە (الخفاف، ٢٠١٥: ١٦٦).

_ سیستانی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦دا نامەیەکی ئاراستەی کۆنگرەی کەسایەتییە ئایینیە عێراقییەکان لە مەککە کرد، تێیدا داوای دەرکردنی بڕیارێکی کرد بۆ حەرامکردنی ڕشتنی خوێنی عێراقییەکان هەرچییەك بن (الخفاف، ٢٠١٥: ١٦٩).

بەڵام سەرباری ئەم هەڵوێستانە، بەپێی ئامار و داتا بەردەستە نێودەوڵەتییەکان لە پاش تەقینەوەکەی سامەڕا و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦_٢٠٠٧ دا توندوتیژی تایفی لە عێراقدا لە هەڵکشاندا بووە، بەجۆرێك ئامارە فەرمییەکانی عێراق ژمارەی کوژراوەکانیان لە ٢٠٠٦ دا بە ١٣ هەزار و ٨٩٦ کەس ڕاگەیاند کە ١٢ هەزار کەسیان خەڵکی سڤیڵ بوون، بەڵام ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دی دەریانخست قوربانییەکان گەیشتوونەتە ٢٦ هەزار و ٧٨٢ کەس، ئەمە جگە لە هەڵهاتنی ١٠٠ هەزار کەس مانگانە لە عێراق (بڕوانە: الجزيرة نت، ٢٠٠٧).

_ سیستانی لە ڕێگای بەیاننامەیەکی درێژەوە (شوباتی ٢٠٠٧) داوای دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و دەمارگیری تایفی و وروژاندنی مەزهەبگەرایی کردووە و دەڵێت" ناکۆکییەکان چەندین سەدەیان بەسەردا تێپەڕیوە، ڕێگایەکیش بۆ چارەسەرکردنیان بەجۆرێك لای هەمووان پەسەند بێت بەردەست نییە، بۆیە ناکرێت بکرێنە بابەتی جێگە مشتومڕ تەنیا لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی ڕێکوپێکدا نەبێت". بە بۆچوونی سیستانی ناکۆکییەکانی شیعە و سوننە لە بنەماکانی ئایین و پایەکانی باوەڕدا نین وەك: باوەڕ بە خودای تەنیا، پێغەمبەرایەتی محەمەد (د.خ)، باوەڕ بە ڕۆژی دوایی، پارێزراوی قورئان، بە سەرچاوەدانانی سوننەت، خۆشویستنی ئالوبەیت، بابەتەکانی دیکەی وەك نوێژ و حەجکردن و ڕۆژووگرتن، ئەمەش دەشێت "ببێتە بنەمایەك بۆ یەکێتی ئیسلامی".

_ سیستانی جەختی لە ڕێزگرتن لە "برا سوننەکان" دەکاتەوە لە لایەن شوێنکەوتەکانییەوە لەسەر بنەمای "خۆشەویستی و ڕێز"، هەروەها فەتوای ئەوەشی داوە خوێنی موسوڵمان و نامووس و ماڵی حەرامە، ئیتر چ سوننە بن یان شیعە و خۆشی بێبەری دەکات لە "هەرکەس خوێنی حەرام بڕژێت هەرکەسێك بێت" (موقع السيستاني2007 ).

_ لە ساڵانی جەنگی تایفیدا سیستانی پێشوازی لە کۆمەڵێك زانای ئایینی کرد لە نێویاندا کۆمەڵێك سوننە هەبوون (٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧)، میوانەکان دواتر ئەوەیان لە سیستانییەوە گواستەوە کە باسی لەوە کردووە ناکۆکی زۆر گەورە لە نێوان شیعە و سوننەدا نییە، جەختی لەوەش کردووەتەوە "پێویستە شیعە بەر لە خۆیان بەرگری لە مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سوننە بکەن، هەروەها پێویستە سوننەش ئەوە بکەن". لەم دیدار و کۆنگرەیەشدا سیستانی جەختی لە پرەنسیپێك کردووەتەوە کە دواتر دەنگدانەوەی زۆری هەبووە: مەڵێن برایانمان لە سوننە، بەڵکو بڵێن "خۆمان لە ئەهلی سوننە". هەروەها وتوویەتی گوێ لە وتاری سوننەکان زیاتر دەگرێت لە خەڵکی شیعە. ئێمە جیاوازی لە نێوان عەرەبێك و کوردێك ناکەین و

ئیسلام کۆماندەکاتەوە". ئاماژەی بەوەشکردووە گۆڕە بە کۆمەڵەکان (بەعس) سوننە و شیعەی وەك یەك تێدایە، ئەو لەگەڵ هەمووانداپە کە داوای مافەکانیان دەکەن نەك شتی زیاتر، لەوانەش کورد و شیعە و باسی لەوەشکردووە کە ڕێز لە فەتوای شەرعزانەکانی سوننە دەگرێت و لە توێژینەوە شەرعەزانییەکانیدا بەکاریاندەهێنێت (بڕوانە: مؤسسة الإمام علي، د.ت).

## ڕەواندنەوەی گومان لەسەر باوەڕی سوننە

لە فەرمووده متمانەپێکراوەکانی شیعەدا ئەوانەی بڕوایان بە ئیمامەت نییە کە ڕێبەرایەتی و بێهەڵەیی ١٢ ئیمامە کە عەلی و نەوەکانییەتی لە فاتمەی کچی پێغەمبەر (د.خ)؛ ئەوە باوەڕدار نین و لە نەفامیدا دەژین (بڕوانە: الكليني، ١٣٨٨ ك: ١/ ٣٧٢_٣٧٥)، ئەمەش بە پلەی یەکەم موسوڵمانە سوننەکان دەگرێتەوە کە ڕێگای پێغەمبەر (د.خ) و سەرجەم هاوەڵان دەگرن، نەك قوتابخانەی ئالوبەیت، هەروەها ئیمامەت بەو شێوازەی شیعە ناسەلمێنن، لەسەر ئەمەش لە سەرچاوە شیعییەکاندا بە بێباوەڕ، موشریك، گومڕا و نەزان لەقەڵمدراون کە "بەشیان لە ئیسلامدا نییە" (البحراني،د.ت: ١٤/١٦٣؛ المجلسي،١٩٨٣: ٢٣/ ٣٩٠).

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا کە ئاخۆ سیستانی سوننەکانی پێ کافرە؟ نووسینگەکەی، لە ٢٢ی ئابی ٢٠١٠ دا فەتوایەکی پێشووتری سیستانی لە چاپی یەکەمی نامەی مەرجەعیەتەکەیدا بە ناوی "منهاج الصالحين" (١٤١٤ك: ١٩٩٣ز) بڵاوکردەوە (موقع السيستاني2010). لەم نامەیەشدا کەسی بێباوەڕ بەوانە پێناسەکراون کە هیچ ئایینێکیان نییە، یان ئایینەکەیان جیایە لە ئیسلام، یان موسوڵمانن و نکولی لە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام دەکەن. فەتواکە ئەوەشی تێدا هاتووە بەهۆی ئەوەی "براکانمان لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت" کە نکولی لە ئیمامەتی ١٢ ئیمامەکە (ئالوبەیت) دەکەن، پێیانوایە لە پێغەمبەرەوە (د.خ) فەرموودەی لەسەر نەهاتووە، ئەوە "ئەو نکولیکردنە زیانی بۆ ئیسلامەتییەکەیان نابێت". واتە بێباوەڕ و کافر نین.

نووسینگەی سیستانی ئاماژە بەوەش دەکات مەرجەعی باڵا چەند فەتوایەکی هاوشێوەی هەیە لەوانەش: پێویستی نوێژکردن لەسەر تەرمی موسوڵمان ئەگەر مەزهەبیشی جیابێت (مەبەست سوننەیە) (منهاج الصالحين، ١/ ١٠٦)، ڕێگەدان بە هاوسەرگیری ژنانی شیعە لە کەسی جیاواز لە مەزهەبی خۆی (بە مەرجێك دژە ئالوبەیت نەبن) (منهاج الصالحين، ٣/ ٧٠)، ئاساییبوونی میراتگرتنی موسوڵمانان لە یەکتر ئەگەرچی مەزهەبیشیان جیابێت لە عەقیدە (منهاج الصالحين، ٣/ ٣٢٣). بەم پێیەش سیستانی بەگشتی سوننەکان بە موسوڵمان دەزانێت و بە پێویستی دەزانێت خوێنیان پارێزراوبێت و ڕێز لە ماڵیان بگیرێت.

ئەم فەتوایەی سیستانی کە بە سەرچاوەی چاپکراوی بەردەست پشتڕاستکراوەتەوە، جۆرێك لە زەمینە بۆ پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی شیعە و سوننە دەڕەخسێنێت، هەندێك لەو کێشانەش چارەسەر دەکات کە لە سەرچاوە شیعییەکاندا هاتوون دەربارەی کافربوونی سوننەکان بەهۆی بێباوەڕییان بە تیۆریای ئیمامەت کە بێهەڵەیی و هەڵبژێردراوی ١٢ ئیمامەکەی شیعەیە و فەرزبوونی شوێنکەوتنیان لە باوەڕی شیعیدا.

## هەڵوێستەکانی سیستانی بەرامبەر سوننەکان پاش سەرهەڵدانی داعش

پاش دەرکەوتنی داعش کە ڕێکخراوێکی سوننەی توندڕەوە(٢٠١٤)، دیسان پەیوەندی شیعە و سوننە چووە قۆناغێکی هەستیار، چونکە ئەوانیش بە پلەی یەکەم شیعەیان دەکردە ئامانج، لەم میانەیەشدا قەسابخانەی سپایکەر لە تکریت بەناوبانگە کە ١٧٠٠ مەشقکاری شیعەی گەنجی تێدا کوژرا (بڕوانە: موقع الأمم المتحدة،2024 ). سیستانی کە فەتوای

بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوەکەی دا (الدفاع الكفائي)، لە ڕێگای وتاری هەینیی کەربەلاوە ڕوونیکردەوە (٢ی حوزەیرانی ٢٠١٤) کاری خۆبەخشی بۆ شەڕی داعش بۆ هەموو هاوڵاتیانە و تایبەت نییە بە تایفەیەك بە دیاریکراوی. باسی لەوەشکردووە گرووپی تەکفیریی داعش بەبێ جیاوازی ئایین و مەزهەب پیرۆزییەکانی هەموو موسڵمانان و کڵێساکان دەکاتە ئامانج، هەرکەسیش هاوڕای نەبێت دەیکوژێت ئەگەرچی هاوبەشیان بن لە ئایینزا و ئایین (مەبەستی سوننەیە). وتارەکەی سیستانی جارێکی دی جەخت لەوە دەکاتەوە خاوەن وتەیەکی بەناوبانگن "مەڵێن برا سوننەکانمان بەڵکو خۆمانی سوننە" (موقع السيستاني،2014). پاش کۆتاییهاتنی شەڕی داعشیش سیستانی لە دیداری یەکێك لە میوانەکانیدا جەختی لەوە کردەوە (ئۆکتوبەری ٢٠١٨)، ئەو داوای لە چەکدارە خۆبەخشەکان کردووە (الحشد الشعبي) ببنە قەڵغانی سوننەکان. دیسان جەختی لە گرنگی یەکریزی سوننە و شیعەش کردووەتەوە، هەروەها ئەوەشی بیرهێناوەتەوە پێویستە بگوترێت "خۆمانی سوننە" لە بری "برا سوننەکانمان" (بڕوانە: قناة العالم، ٢٠١٨).

### ئەنجامەکان

١_ مەرجەعیەت دەسەڵاتی ئایینی نێو پەیڕەوانی شیعەیە، قەوارە و پێگەیەکی سەروو یاسا و دەستووریشی لە عێراقدا هەیە، لە کاتی پێویستدا قسەی یەکلاکەرەوە لە پرسە سیاسی و یاساییەکاندا دەکات.

٢_ سیستانی کەسایەتی کاریزماتیك و حاڵەتێکی ناوازەیە لە مێژووی نوێی مەرجەعیەتی شیعیدا، بەوپێیەی لە سەردەمی ئەودا شیعەکان لە پەراوێز و چەوساندنەوەی گەیشتن بە دەسەڵات، لەم بارگۆڕانەشدا لەسەروو هەرەمی ڕێبەرایەتییەوە بوو، جگە لەوەش هەڵوێستە نیشتمانی و میانڕەوەکانی لە دنیای دەرەوە کردییە جێگەی بایەخ.

٣_ _ میتۆدی مەرجەعیەتی سیستانی پارێزگاریکردنە لە حەوزەی شیعی، دورەپەرێزگرتنە لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی سیاسەت لەگەڵ چاودێریکردن لە دوورەوە، لە فەتواکانیشیدا لەگەڵ پێکەوەژیانی عێراقییەکانە.

٤ _ هەڵوێستەکانی سیستانی دەربارەی پرسە کوردییەکان بەپێی قۆناغ و پێشهاتەکان جۆراوجۆربووە، لەسەر ئاستی گشتی دۆستانە و داکۆکیکارە لە مافەکان، بەڵام لە سەر ئاستی سیاسی و یاسایی مەرجدارە بە پەیوەستبوون بە شوناسی عێراق و دژی جیابوونەوەی هەرێمە، ئەمەش ڕوانگەیەکی گشتی ئایینی ئیسلامی عەرەبییە کە سیستانی ڕێبەرایەتی ئایینی بنکە جەماوەرییەکەی دەکات لە نێو بازنەی شیعی و لە پێگەی مەرجەعی باڵای تایفەکەدا.

٥_ لە کێشەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا تێکڕای هەڵوێستەکانی سیستانی پشتیوانیکردنە لە چارەسەری دەستوری و گەڕانەوە بۆ دادگای فیدراڵی و پارێزگاریکردن لە بنەماکانی پێکهێنانەوەی کۆماری ٢٠٠٣.

٦ _ هەڵوێست و تێڕوانینی سیستانی بۆ پێکهاتەی سوننە لە عێراق تا ڕادەی زۆر میانڕەوانە و تەبایە لەگەڵ پێکەوەژیان، بەراورد بە هەستیاری و مێژوویی و پەیوەندی پڕ لە گرژی ئەم دوو پێکهاتەیە. ئەم دیدگایە دەشێت لێکەوتەی باشی لەسەر کوردیش هەبێت کە سەرباری تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەی بە زۆرینە سوننەیە.

٧ _ سیستانی یەکێکبووە لە ڕێگرییەکانی قووڵبوونەوەی گرژی تایفی و شەڕی مەزهەبی لە ڕێگای: حەرامکردنی خوێن و ماڵی عێراقییەکان لەسەر یەکتر، فەتوادان لەسەر ئەژمارکردنی پێکهاتەی سوننە لە بازنەی ئیسلام سەربارەی بێباوەڕییان بە بنەما شیعییەکان، جیاکردنەوەی دۆسیەی گرووپ و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی سوننە (ئەلقاعیدە و داعش بە نموونە) کە بنەبڕکردنی شیعەیان کردە ئامانجی خۆیان؛ لە دۆسیەی کۆی پێکهاتەی سوننە.

٨ _ فەتوای سیستانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە بنەڕەتدا دەرگاکردنەوەیە بۆ خۆبەخشی لە نێو هێزە ئەمنییەکان لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، بەڵام دواتر کرایە بنەما بۆ دروستکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە شوناسێکی تایبەتی شیعی. هەوڵەکانی ڕاستکردنەوەی ئەمەش لە لایەن سیستانییەوە لەلایەك لاوازە و لە لاکەی دیکە ئەوەشی هەیە جێبەجێ نەکراوە و دامەزراوە ئەمنییەکە بووەتە هاوئاستی سوپا.

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێبەکان:


_ **البحراني**، يوسف (د.ت). الحدائق الناضرة في أحكام العترة الطاهرة. تحقيق محمد الإيرواني. قم: منشورات جماعة المدرسين.

_ **الخفاف**،حامد(٢٠١٥)،النصوص الصادرة عن سماحة السيد السيستاني في المسألة العراقية. بيروت: دار المؤرخ العربي.

_ **السيستاني**، علي محمد باقر (١٩٩٣)، منهاج الصالحين، النجف: موقع السيستاني.

_ **الصبح**، رضا حسين (2013) .المرجعية والأعلمية عند الشيعة الإمامية .بيروت: دار المحجة البيضاء.

_ **الكليني**، محمد بن يعقوب (١٣٨٨ هـ) (١٣٦٧هـ). الأصول من الكافي. ت علي أكبر الغفاري. ط٣. طهران: دار الكتب الإسلامية.

_ **المجلسي**، محمد باقر. (١٩٨٣) بحار الأنوار الجامعة لدرر أخبار الأئمة الأطهار. بيروت: مؤسسة الوفاء.

_ **خلجي**، مهدي (2007) .المرجع الأخير، السيستاني ونهاية السلطة الدينية في العراق .بغداد: منتدى الحوار المدني.

_ **صايغ**، كارولين مرجي (2020) .المرجعية الدينية الموقف الوطني .ت: نصر محمد النجف: مركز الرافدين.


### پێگە ئەلیکترۆنییەکان (عەرەبی):


_ آل ربح، عبدالله فيصل. (٢٠٢١). هل سيكون السيستاني آخر العظماء؟. موقع معهد الشرق الأوسط الأميركي. متاح على: https://bit.ly/4hnJWDi (الزيارة في: ٢٦ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ الجزيرة نت(٢٠٠٥)،السيستاني يعلن الحياد تجاه التحالفات الشيعية https://2h.ae/PKHv (الزيارة: ١شباط ٢٠٢٥).

_ الجزيرة نت (٢٠٠٦). العنف يحصد نحو ١٤ ألف عراقي عام ٢٠٠٦. متاح عبر: https://aja.me/rmnw2. (الزيارة: ١ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ الجزيرة نت (٢٠٠٦). ملابسات تفجير قبة مرقد الإمام الهادي بسامراء. متاح عبر.https://2h.ae/CHDj : (الزيارة: ١ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ الجزيرة نت (٢٠١٧)، استفتاء إقليم كردستان، متاح على: https://2h.ae/fKaZ (الزيارة: ٢٩ يناير ٢٠٢٥).

_ الجزيرة نت .(2013)اتفاق تركيا والكردستاني متاح علىhttps://2h.ae/KPoW : (الزيارة: ٢٣ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ الجزيرة نت .(2006) .دعم الصدريين الجعفري رجح كفته لترؤس الحكومة. متاح علىhttps://aja.me/sa8jt : (الزيارة:١ شباط ٢٠٢٥).

_ الجزيرة نت، (٢٠٠٥)، مفوضية الانتخابات العراقية تعتمد النتائج النهائية، متاح على: https://2h.ae/IEOx (الزيارة: ١٢ حزيران ٢٠٢٥).

_ الشرق الأوسط. (٢٠١٧) مرجعية النجف تمتنع عن تحديد موقفها من استفتاء كردستان. متاح على : https://2h.ae/BMlh (الزيارة: ١٤ أيلول ٢٠٢٤).

_ الشرق الأوسط. (٢٠١٧). أربيل تريد «حواراً جاداً». متاح على: https://2h.ae/Xpvj (الزيارة: ١/ ٢/ ٢٠٢٥).

_ الشرق الأوسط، (٢٠١٧). مرجعية النجف تمتنع عن تحديد موقفها من استفتاء كردستان. متاح على: https://2h.ae/BMlh [الزيارة: ١٤ كانون الأول ٢٠٢٥].

_ الصياد، محمد السيد. (٢٠٢٢). المرجعية العليا ما بعد السيستاني ومستقبل الحوزة. مركز رصانة. متاح على : https://bit.ly/3Aue6EL (الزيارة: ١ ايلول ٢٠٢٤).

_ العتبة الحسينية (٢٠١٣) . الكربلائي: دخول جماعة حزب العمال الكردستاني من دون تنسيقٍ مسبقٍ يتنافى مع مبدأ احترام السيادة... متاح على https://2h.ae/MxpE :( (الزيارة: ١٥ ديسمبر ٢٠٢٤).

_ العتبة العباسية (شبكة الكفيل العالمية)، المرجعيّةُ الدينيّةُ العُليا تبيّن موقفها من استفتاء انفصال شمال العراق (كردستان)، متاح على: https://2h.ae/TbQT (متاح: ٢٩ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ العربية نت. (٢٠٠٦). موجة من أعمال القتل في العراق والحكومة تخشى حربًا أهلية. متاح على: https://2h.ae/EldL (تم الزيارة: ٢٥ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ العرداوي، خالد عليوي. (٢٠١٤)، الفدرالية لم تعد خيارا نخبويا في العراق، متاح على: https://2h.ae/XVjR (الزيارة: ٢٠ حزيران، ٢٠٢٥).

_ القبس (٢٠٠٥). السيستاني يدعم علناً القائمة ١٦٩، https://2h.ae/Xklc (الزيارة: ٢ شباط ٢٠٢٥)

_ القبس. (٢٠٠٦). رسائل اعتراض الأكراد والسنة على الجعفري. متاح على: https://2h.ae/sWjn (الزيارة: ٢٧ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ المحكمة الاتحادية العليا، ١٢٠/اتحادية/٢٠١٧ متاح على : https://2h.ae/rXrM (الزيارة: ٢٩ كانون الأول، ٢٠٢٥).

_ المركز العراقي لتوثيق جرائم التطرف. (٢٠٢٤). خصائص حوادث التطرف العنيف في العراق لعام ٢٠٠٤م. متاح على: https://2h.ae/WfPH (الزيارة: ٢٠ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ جياد، سجاد (٢٠٢٣). رجل الله في العراق، ترجمه، حسان حساني، أمريكا: مؤسسة القرن.

_ حسن، حارث. (٢٠١٥). المعضلة السنّية في العراق. السفير العربي متوفر على: https://2h.ae/MGTJ (الزيارة ١٤ حزيران ٢٠٢٥).

_ حسن، حارث. (٢٠١٩). سلطة السيستاني الحاذقة. مركز كارنيغي، متاح عبر : https://2h.ae/LLAI (الزيارة ١٤ حزيران ٢٠٢٥).

_ دويتشه فيله (DW) (٢٠١٣). السلام التركي الكردي متاح على https://2h.ae/DURI ( الزيارة: ٢٦ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ دويتشه فيله (DW). ( ٢٠١١). أزمات بغداد تصل كردستان متاح https://2h.ae/gnzs (الزيارة:٢٦ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ دويتشه فيله DW تفجير إحدى المقدسات الشيعية يضع العراق على مفترق طرق خطير .(2006) .متاح على : https://2h.ae/gCZH ( الزيارة: ٢٥ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ دويتشه فيله DW. ( ٢٠٠٦) العراق ومأزق التخلي عن الجعفري. متاح علىhttps://2h.ae/qyrb : (الزيارة:٢٥ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ فرانس ٢٤. (٢٠١٢). الأكراد العراقيون يدفعون بتعزيزات لمنطقة متنازع عليها مع الحكومة المركزية في بغداد. متاح على: https://2h.ae/LxLE (الزيارة: ٢٦ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ فريق (UNITAD) (٢٠٢٤). احياء الذكرى العاشرة لمجزرة سبايكر، متوفر على: https://2h.ae/dRNB (الزيارة ١٤ حزيران ٢٠٢٥).

_ قناة العالم (٢٠١٧) تصريح "هام" للمرجعية الدينية..https://bW٦٩u.pw/LzlO٢ (الزيارة: ١١/ ٩/ ٢٠٢٤).

_ قناة العالم (٢٠١٨). أحدث موقف للسيد السيستاني حول أهل السنة. متاح على: https://2h.ae/CdNt (الزيارة: ٢٠ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ قناة العالم. (٢٠٢٠). صلاة المرجع السيستاني. متاح على: https://bit.ly/3Eh18vQ (الزيارة: ٢٠ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ قناة العالم. تصريح "هام" للمرجعية الدينية في العراق و"رسالة" للأكراد. (٢٠١٧). – متاح على : https://2u.pw/LzlO69bW(الزيارة: ١١ أيلول ٢٠٢٤).

_ مجموعة الأزمات الدولية (International Crisis Group) (٢٠٠٧)، سياسات الشيعة في العراق، متاح على https://2h.ae/XIeW (الزيارة: ٢ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ مركز الوافي للتوثيق والدراسات (٢٠٢٤) – العتبة العباسية. قصة اعتقال المرجع الأعلى السيد السيستاني. متاح على : https://bit.ly/42pqh1p (الزيارة: ١٥ ك١ ٢٠٢٤).

_ مؤسسة الإمام علي (د.ت) المرجعية في الإعلام، https://najaf.org/arabic/294 (الزيارة: ١٥ ت٢ ٢٠٢٤).

_ موقع السيستاني sistani.org (٢٠٠٣). أسئلة جريدة الزمان. متاح عبر https://2h.ae/IOGJ :(الزيارة: ٢٣ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org (٢٠٠٤). أسئلة شبكة سي إن إن. متاح عبر https://2h.ae/wnJY : (الزيارة: ٥ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org (٢٠٠٦). أسئلة مجلة (فور سايت) متاح عبر. https://2h.ae/fseN : (الزيارة: ٢٥ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org (٢٠٠٦). بيان مكتب سماحة السيد حول الاعتداء الآثم على مقام الإمامين العسكريين. متاح عبر https://2h.ae/Wwxn : (الزيارة ٢٣ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org (٢٠٠٧). بيان مكتب سماحة السيد حول الوحدة الإسلامية ونبذ الفتنة الطائفية. متاح عبر https://2h.ae/FqSj : ( الزيارة ٢٢كانون الأول٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org (٢٠١٧). خطبة النصر من الصحن الحسيني الشريف لممثّل المرجعية الدينية العليا. متاح عبر https://www.sistani.org. : (تم الزيارة ٢٦ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org (د.ت). السيرة الذاتية. متاح عبر : https://bit.ly/4dNAO9A. (الزيارة: ٢٧ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org. (٢٠٠٤)، استفتاء حول كتابة الدستور، متاح على: https://2h.ae/EQxt (الزيارة: ٢٧ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org. (٢٠١٠). استفتاء حول قناة المستقلة. متاح عبر https://2h.ae/zqBf. : (الزيارة: ٢٦ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ موقع السيستاني sistani.org. (٢٠١٤). نصّ ما ورد بشأن الأوضاع الراهنة في العراق في خطبة الجمعة. متاح عبر : https://2h.ae/bYXu. (الزيارة: ٢٦ كانون الأول ٢٠٢٥).

_موقع الكلمة (٢٠٢٢)، وكيل السيستاني يكشف مصير "خطبة الجمعة" بعد توقفها، متاح على: https://2h.ae/ddiL (الزيارة: ٢٠ حزيران ٢٠٢٥).

_ هيومن رايتس ووتش (HWR). (٢٠٠٥)، الهجمات على الطوائف العرقية والدينية، متاح على: https://2h.ae/FzUs (الزيارة: ٣ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ وكالة الأنباء العراقية (واع). (٢٠١٩). نص بيان رئيس الوزراء عادل عبد المهدي، متاح على https://2h.ae/YSNb (الزيارة ٢٩ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ وكالة الكويت للأنباء (كونا). (٢٠٠٦). برهم صالح، نحترم خيار الائتلاف بترشيح الجعفري لكننا نريد حكومة اتحاد وطني. متاح على: https://2h.ae/ziHS (الزيارة:٢٠ كانون الأول ٢٠٢٥).

_ وكالة أهل البيت للأنباء. (٢٠١٧). تصريح "هام" للمرجعية الدينية في العراق و"رسالة" للأكراد. متاح على: https://n9.cl/wbk0j (الزيارة:١٤ أيلول ٢٠٢٤).

### پێگە ئەلیکترۆنییەکان (کوردی):

_ پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢)، بڕیاری ژمارە (٢٢)ی دانیشتنی ٣٨ لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، بەردەستە لە بەستەری: https://2h.ae/qBmw (سەردان: ٢١ کانونی ١ی ٢٠٢٥).

_ ڕووداو (٢٠١٨) ڕۆژنامەڤانێکی کورد چاوی بە سیستانی دەکەوێت، بەردەستە لە بەستەری: https://2h.ae/DDum (سەردان: ٢٦ی یەنایەری ٢٠٢٥).

### ڕۆژنامەکان:

_ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (٢٠٠٣)، ژمارە ٢٠٦٧ ی ١٧ی ئایار.